# ئەی عبد الله، وەکو فڵان مەبە؛ شەونوێژی ئەنجامدەدا بەڵام وازی لە شەونوێژکردن هێنا

له عبدالله كوڕی عەمرو -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- پێمی فەرموو: «ئەی عبد الله، وەکو فڵان مەبە؛ شەونوێژی ئەنجامدەدا بەڵام وازی لە شەونوێژکردن هێنا».
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- عبدالله کوڕی عەمروی ئاگادار کردەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- سەبارەت بەوەی نەکات واز لە شەونوێژکردن بهێنێت وەکو فڵان کەس، وباسی ناوی نەکرد بۆئەوەی دایبپۆشێت، وپێویستە مسوڵمان ئاگادار بێت لەوەی زیادەڕەو نەبێت لە پەرستنەکاندا وزۆر لە خۆی نەکات لە شتێک کە لە توانایدا نەبێت، وئەگەر کەسێک بەم شێوەیە بێت ئەوا دینداری قورس دەبێت لەسەری چونکە کردەوە وپەرستنەکان زۆرن، بۆیە ئەمیش وایلێدەکات لە کۆتاییدا لاواز بێت وبچڕێت لە ئەنجامدانی ئەم پەرستنە؛ چونکە خوای گەورە هەندێک پەرستنی واجب کردووە لەسەر بەندەکانی لە هەندێک کاتدا دەبێت ئەنجامبدرێن بەڵام لە هەندێک کاتی تردا ئەنجام نادرێن، ئەمیش بۆ ئاسانکاری وڕەحمەت بەرامبەریان، چونکە مرۆڤ ئەگەر مامناوەند بوو ئەوا کردەوەکەی بەردەوام دەبێت، ودەتوانێت هەموو مافەکان جێبەجێ بکات، مافی خوای گەورە، مافی نەفس، ومافی خێزان وهاوڕێ؛ بە شێوەیەکی ئاسان ونەرمونیان، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: (إن أحب الأعمال إلى الله أدومها وإن قل) واتە: (خۆشەویستترین کردەوە لای خوای گەورە؛ ئەوەیە کە (بەندە) لەسەری بەردەوام بێت ئەگەرچیش کردەوەکە کەم بێت)، بۆیە پێویستە مرۆڤ هەندێک بەش دابنێت لە قورئانی پیرۆز کە لە شەونوێژدا بیخوێنێتەوە و لەسەری بەردەوام بێت بە پێی توانای.ی



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee